### تاریق شێخ فاروق
### پاڵەوانی کیک بۆکسینگی جیهانی:

# پێویستە کەرتی تایبەت کار لەسەر ئەم یارییە بکات، لە ئەورووپاش ئەمە تاقیکراوەتەوە و سەرکەوتووش بووە




**تاریق شێخ فاروق یەکێك لە یاریزانە بەتواناکانی یاری کیك بۆکسینگ لە سەر ئاستی کوردستان و ئەورووپا و لە چەندین پاڵەوانێتیی لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق و پاڵەوانی جیهانی بەشداری کردووە. ناوبراو لە دایکبووی ساڵی ١٩٨٢ی پارێزگای هەڵەبجەیە و پێشووتریش بۆ هەریەك لە یانەکانی پەیام و ئاشتی و نەورۆز یاری کردووە و لە ساڵی ٢٠١٣ پشتێنەی رەشی پێنج دانەیەی جیهانی بەدەستهێناوە و پێشمەرگەی خۆبەخشیش بووە بۆ ماوەیەکی زۆر لە شەڕەکانی دژ بە تیرۆریستانی داعش لە میحوەری خازر، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد، ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵان-ی دایەوە.**

دیمانە : کارزان کانەبی

*** لە ئێستادا ئاستی یاری کیك بۆگسینگ لە کوردستاندا چۆن دەبینی؟**

- ئاستی یارییەکە خراپ نییە، بەڵام ئەگەر هەوڵی جددی لەگەڵ یاریزانان بدرێت، ئاستی ئەم یارییە زۆر لە ئێستا باشتر دەبێت.

*** گرفتی ئەم یارییە زیاتر لە چیدایە؟**

-گرفتی ئەم یارییە وەکو سەرجەم یارییە تاکەکانی دیکە، ئەوەیە کە پشتگوێ خراوە، خول و پاڵەوانێتی کەم دەکرێتەوە، خولی بەهێزکردن کەمە، ئەمانەش هەمووی گرفتن بۆ یارییەکە بۆ ئەوەی نەتوانرێ لە کوردستان پێش بکەوێت.

*** پێتوایە بۆ بەرەوپێشبردنی ئاستی ئەم یارییە دەبێت چی بکرێت؟**

-باوەڕم وایە کە پێویستە رێکخراوەکان و دەزگاکانی ئەم یارییە سەربەخۆ بکرێن و دەبێت ئەو یەکێتییە وەرزشییانە هیچی حزبی نەبێت و کەرتی تایبەت کاری لەسەر بکات، بەوەش دەتواندرێت ئاستی لە چاو ئاستی ئێستا بگۆڕدرێت، ئەم تاقیکردنەوەیەش لە ئەورووپا کراوە و سەرکەوتووش بووە.

*** بۆچی لە هیچ یانەیەك یاری ناکەی؟**

-باوەڕم وایە یانەکان زۆربەیان سەربارن و هەر نەبوونیان






باشترە، واتە تەنیا شتێکی وەهمین. چەندین ساڵە ئەم یانەیانە هەریەك لە ژێر ئالاّی حزبێك پارە دەخۆن و کەسیشیان لە ئاست یانەیەکی پلە ٣ی وڵاتە عەرەبییەکان نین. ئەی بۆ سەیری سەرۆك یانەکان ناکەن، هی وایان هەیە ١٠٠ لێدانی سزا لێبدات، گۆلێك ناکات، هی واش هەیە ناتوانێت تیروپشکێك بۆ ١٣ یانە رابکێشێ، بۆیە بڕیارم داوە بۆ هیچ یانەیەك یاری نەکەم.

*** لە خولەکانی ئەوروپا زۆر جار بەشداربووی، دەڵێن هەمووی لەسەر گیرفانی خۆت بووە، ئەوە تا چەند راستە؟**

- زۆر زۆر راستە و لەسەر گیرفانی خۆم بەشداری دەکەم و زۆریش بێمنەتم. ئەو دەستکەوتانەی ئێمەش هێناوەمانە لە ئێستاوە بڕۆین لە ماڵەوە بخەوین، خەڵکی دیکە بە دە ساڵی دیکە بە خەویش نایبینێت، ئەوەی فلان و فیسار پارەی دەدەنێ، دوای ئەوەی کە پارەکەی بڕا، وەك بەفر دەتوێتەوە، بۆیە باشترە بێمنەتانە وەرزشی خۆمان بکەین و بە رۆح وەرزشکار بین.

*** وەکو یاریزانان کە ئێوە بەشدارن لە زۆربەی پاڵەوانیتیەکان، کێشە و گرفتی سەرەکیتان زیاتر چییە؟**

- هیچ جۆرە کێشەیەکمان نییە و زۆر باشین و بێ کێشەین، هەم یاری خۆمان دەکەین و هەمیش سەفەرێکی ئەوروپا دەکەین، خراپ نییە بەدەم گاڵتە و پێکەنینەوە چەند رۆژێك دەبەینە سەر و لە پاڵەوانێتییەکان بە دەستی پڕ دەگەڕێینەوە.

***بەرنامەتان چییە و کێ و چ لایەنێك هاوکاریتان دەکات؟**

-بەرنامەی باشمان هەیە، بەڵام دوای چالاکی باسی دەکەین، کە جێبەجێمان کرد، قسەی لەسەر دەکەین، کەسیش هاوکاری ئێمە نییە.

***خەڵکی هەڵەبجەی، بۆچی لە شارەکەی خۆت وەرزش ناکەی؟**

-من پاڵەوانی جیهانم، ئەوەش دواخەونم بوو، ئێستاش تەنیا بۆ ئەم یارییە بۆ دڵخۆشی و خزمەتکردن دەکەم، خاڵێکی دیکەش ئەوەیە کە ئەگەر ئێمە نەبین، هەندێ کەس دێنە پێشەوە کە لەوانەیە فڕیان بەم یارییەوە نەبێت، بۆیە جارێ ئێمە لە گۆڕەپانەکەداین و دەستخۆشی لە هەر کەسێکیش دەکەین کە کاری باش و جوان بکات، من شارەکەی خۆم خۆش دەوێت و هەر کاتێك پێویستییان بە من بێت، ئامادەم خزمەتی شارەکەم بکەم.

***دوا هیوا و ئاواتت لەم یارییە چییە؟**

- بەهیوای ئەوەم زیاتر بتوانم بەشداری لە پاڵەوانێتیە نێودەوڵەتییەکان بکەم و ئاستی شایستەتر پێشکەش بکەم.

***بڕیاری ئەوەت نەداوە قوتابخانەیەکی پێگەیاندنی یاریزانان بکەیتەوە؟**

-تاکو ئێستا ئەم هەلەمان بۆ نەڕەخساوە، بەڵام ئەگەر هاوکاریمان بکرێت، دەتوانین قوتابخانەی پێگەیاندن بۆ ئەم یارییە بکەینەوە و ئەنجامی باشیش بۆ دوارۆژی کوردستان بەدەست بهێنین.

***پەیامت بۆ بەرپرسانی وەرزشی کوردستان چییە؟**

- باوەڕ بکەن کەسیان ناناسم، تاوەکو شتێکیان پێ بڵێم، بەڵام باوەڕم وایە هەندێ کەس لە حزبەکان بۆ ئەوەی جێگەیان بکرێتەوە، لە شوێنێك دەیانخەنە ناو وەرزش، تەنیا بۆ ئەوەی لە شوێنێك کار بکەن، ئەوەش خزمەتی وەرزش ناکات.

*** لە کۆتاییدا چیت ماوە باسی بکەیت؟**

-زۆر سوپاسی گۆڤاری گوڵان دەکەم کە ئەوان هەردەم پێشەنگ بوون لە خزمەتکردنی وەرزشکاران، هیواداریشم زیاتر ئاستی ئەم یارییە لە کوردستان بەرەوپێش بچێت.


MATCH BALL REPLICA
TOP REPLIQUE
UEFA
EURO2016
FRANCE
adidas
BEAU JEU
Kutxabank
Fly Emirates

# ئەو ئەستێرانەی بە هۆی پێکانەوە لە یۆرۆی ٢٠١٦ بەشداری ناکەن

**وا بڕیارە لە فەرەنسا یارییەکانی جامی نەتەوەکانی ئەورووپای ٢٠١٦ بە بەشداریکردنی ٢٤ هەڵبژاردە ئەنجام بدرێت، هەڵبژاردە بەشداربووەکانیش چاویان لە بەدەستهێنانی دەستکەوتێکی گرینگە لەم پاڵەوانێتییە، بەڵام ئەو ئەنجام و یارییانە لە هەموو رووبەکە هەڕەشەیان لێدەکرێت، چ لە رووی ئەنجامدانی کاری تیرۆریستی، چ لە رووی بەشداری‌نەکردنی ئەستێرەکان بەهۆی پێکان، یان بە هۆی هەر کێشەیەکی دیکە، بەڵام ئەوەی پشتڕاست کراوەتەوە، ئەوەیە کە ژمارەیەك ئەستێرە ئەگەری بەشداری‌نەکردنیان لەم پاڵەوانێتییە زۆرە و زۆربەی ئەو ئەستێرانەش لە هێڵی ناوەڕاست یاری دەکەن.**

### ● هەڵبژاردەی ئینگلتەرە

- یاریزانی یانەی ئەرسناڵ شامبرلین تەمەن ٢٢ ساڵ بەهۆی پێکان ناتوانێت بەشداری لەم پاڵەوانێتیە بکات.

- یاریزانی یانەی ئەرسناڵ دانی وێلباك دوای ئەو ئاستە بەرزی، کە لەگەڵ یانەکەی پێشکەشی کرد، بەڵام لە دواین یارییەکانی یانەکەی تووشی پێکانی سەخت هات بووە هۆکاری دوورخستنەوەی لە بەشداریکردن لە یۆرۆی ٢٠١٦.

- یاریزانی هەڵبژاردەکە جاك بۆتلاند لە یاری دۆستانەی هەڵبژاردەکەی و هەڵبژاردەی ئەڵمانیا تووشی پێکانس سەخت هات بووە هۆکاری دوورخستنەوەی لە یۆرۆی ٢٠١٦.

### ● هەڵبژاردەی ئیتاڵیا

- یاریزانی یانەی پاریس سان جێرمان مارکۆ ڤیراتی تووشی چەندین پێکان هات لەم وەرزە و هەرەشە دوورخستنەوەی لە جامی نەتەوەکانی ئەورووپای لێدەکرێت.

- یاریزانی یانەی یوڤنتۆس کلاودیۆ مارکیزیۆ تووشی پێکانی سەخت هات، کە بووە هۆکاری دوورخستنەوەی لە پێکهاتەی هەڵبژاردەکەی.

- یاریزانی یانەی جنوی ئەلیسیۆ تشیرتشی تووشی پێکانی سەخت هات، کە پالێوراوی سەرەکی بوو، لە پێکهاتەی ئیتاڵیا لە هێڵی بەرگری یاری بکات.

### ● هەڵبژاردەی فەرەنسا

- یاریزانی هەڵبژاردەی فەرەنسا لە هێڵی ناوەراست کۆرت زوما تووشی پێکانێکی سەخت هات، کە دەبێتە زبرێکی کوشندە بۆ هەڵبژاردەی فەرنسا لە یۆرۆی ٢٠١٦.

- ئەمیریك لاپۆرت یاریزانێکی لاوە، کە هەڵبژاردەکە پتشی پێ دەبەست، بەڵام لە یارییەکانی هەڵبژاردەی وڵاتەکەی لە خوار تەمەن ٢١ ساڵ تووشی پێکانێکی سەخت هات بەفەرمی لە یۆرۆ دوورخرایەوە.

### ● هەڵبژاردەی بەلژیکا

- لە دوا ساتەکانی خولی ئینگلیزی کاپتنی هەڵبژاردەی بەلژیکا و یانەی مانچستەر سیتی ڤینسنت کۆمپانی تووشی پێکانێکی سەخت هات، کە بووە هۆکاری دوورخستنەوەی لە یۆرۆی ٢٠١٦.

### ● هەڵبژاردەی ئەڵمانیا

- یاریزانی یانەی بروسیا دۆرتمۆند گاندوگان لەگەڵ تیپەکەی تووشی پێکانێکی کوشندە هات، کە هیوایەکی کەمی هەیە بتوانێت لە یۆرۆی ٢٠١٦ لەگەڵ هەڵبژاردەکەی بەشداری بکات، کە یەکێکە لە یاریزانە هەر بە تواناکانی هێڵی ناوەراست.

- یاریزانی یانەی مانچستەر یۆنایتد شڤاینشتایگر بەهۆی پێکانی لە ئەژنۆی رەنگە لە یۆرۆی ٢٠١٦ بەشداری نەکات، بەڵام تا ئێستا بەفەرمی بریاری کۆتایی لەسەر گەرانەوەی بۆ هەڵبژاردەی ئەڵمانیا نەدراوە.

### ● هەڵبژاردەی پورتوگاڵ


- یاریزانی یانەی مۆناکۆ فابیۆ کوینتراو تووشی پێکان هات لەگەڵ یانەکەی، تا ئێستا دیار نەکراوە کە لەگەڵ هەڵبژاردەکەی بەشداری لە یۆرۆی ٢٠١٦ دەکات یان دوور دەخرێتەوە.




ئا: ڕێبین ڕەمزی

# رامیار ئازاد بڕیاری کۆتایی داوە

یانـەی هەولێـر لـە مێـژووی خۆیـدا چەندیـن یاریزانی بەتوانـای بۆ شـارەکەی پێگەیاندووە کە ئێسـتا جێگای پەنجەیـان لـە وەرزشـی کوردسـتاندا دیـارە. رامیار ئازاد یەکێکە لەو یاریزانانەی کە بـۆ ماوەیەکی زۆر خزمەتی وەرزشـی هەولێـری کـردووە و لـە هـەردوو خولـی کوردسـتان و عێراق بە درێـسی یانەی هەولێر یـاری کردووە، ئەمسـاڵیش بە یەکجاری کوردسـتانی جێهێشـت و رووی لە تاراوگە کرد، لە ئێستاشـدا رامیار بڕیاری ئەوەی داوە نە گەڕێتـەوە کوردسـتان بـۆ یاریکردن. هەر لەو بارەیـەوە رامیار ئازاد بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «من ماوەیەکـە بـە هـۆی بـای تایبەتـی و خێزانییـەوە رووم لە تاراوگە کـردووە بۆ ئەوەی بتوانـم لەوێ لەگەڵ خانەوادەکەم ژیان ببەمەسـەر، لەلایەکی تریشـەوە ئەو گرفتە داراییەی کە رووی لە هەرێمی کوردسـتان کردووە بە شـێوەیەکە کە نەمتوانی لە یاریکردن بەردەوام بم، بۆیە ئێسـتا لە وڵاتی ئەڵمانیا ژیان بەسـەر دەبـم، لـە هەوڵـی ئەوەشـم بتوانـم درێژە بە کاروانی وەرزشـیی خۆم بدەم بۆ ئـەوەی هەرچی بێت بتوانم ژیان و گوزەرانی خۆمی پێ بەڕێوە ببەم»، سـەبارەت بە یانەی وەرزشـیی هەولێریش گوتی: «من زۆر لـەم یانەیـە یاریـم کـردووە و یـادگاری خۆشـم لەگەڵ ئەو یانەیـە هەبووە، بـەڵام ئەوانیش وەکو هەمـوو یانەکانی کوردسـتان دووچاری گرفتی دارایی بوون، منیش بـڕە پارەیەکی زۆرم لەلایان مـاوە کـە تاکـو ئێسـتا بۆ ماوەی سـێ سـاڵ دەبێت لەبـڕی یاریکردنم وەکـو گرێبەسـت وەرمنەگرتـووە، سـەرەڕای ئـەوەش چەندیـن گرێبەسـتی باشیشـم بۆ هاتبوو هەر لەبەر خۆشەویسـتی یانەکـە نەمتوانـی ریـزی تیپەکـە جێبهێڵـم، بـەڵام ئەوانیش نەیانتوانی تاکو ئێسـتا پارەی گرێبەسـتی مـن دابیـن بکەن، کە ئەوەش بـۆ من زەحمەت بوو لە کوردستان بەم شێوەیە بەردەوام بم، لە ئێستاشدا هیچ بیرم لەوە نەکردۆتەوە بگەڕێمەوە کوردستان، بۆیـە جارێك لێـرە چاوەڕوانم بزانم چی دەبێت، بە هـەر جۆرێـك بێـت دەمەوێت لێرە دەسـت بە ژیانی تازە بکەم و وەرزشی خۆم ئەنجام، بدەم جا لەگەڵ هەر یانەیەك بێت.»



# ئەرسەلان جەلال خۆی یەکلایی نەکردۆتەوە



یانەی پێشمەرگەی سلێمانی کە ئەمساڵ سەرکەوت بۆ یارییەکانی چوارگۆشەی زێڕینی خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان، دوای ئەوەی سەردار ساڵح-ی راهێنەری یانەکە دەستی لە مەشقی یانەکە کێشایەوە، کارگێڕانی یانەکە پەنایان بردە بەر ئەرسەلان جەلال-ی راهێنەری پێشووی یانەی نەورۆز کە هەموو کات بەوە ناسراوە کە یانەکان بباتە ئاستی باشتر. لە بارەی وەرگرتنی پۆستی راهێنەرایەتی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی ئەرسەلان جەلال بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «لەسەر داوای کارگێڕانی یانەکە بە شێوەی کاتی مەشقی یانەی پێشمەرگەم بۆ سێ یاریی داهاتووی قۆناغی دووەمی خولی پلە یەکی یانەکانی کوردستانم وەرگرتووە، بۆ ئەوەی بتوانین ئاستی شایستە پێشکەش بکەین.» لە بارەی بەرنامەی تیپەکەش بۆ ئەم سێ یارییەی داهاتویان ئەرسەلان گوتی: «بە شێوەیەکی بەرنامەدارێژراو کارمان بۆ ئەوە کردووە کە خۆمان ئامادە بکەین و بتوانین ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنین، ئێستاش ئامادەکارییەکانم چڕکردۆتەوە و وەکو راهێنەری یانەکە کاری تەواویشم لەسەر کردووە بۆ ئەوەی ئەنجام بەدەست بهێنین.» لە بارەی مانەوەی لەگەڵ یانەی پێشمەرگەی سلێمانی کە یانەی خۆی بووە لە رابردوو وەکو یاریزان و بۆ ماوەیەکی زۆر یاری بۆ ئەم یانەیە کردووە، ئەرسەلان گوتی: «من تەنیا بۆ ئەم سێ یارییە وەکو هاوکاری لەگەڵ یانە کۆنەکەی خۆم کاردەکەم، بۆ مانەوەشم لە دوای تەواوبوونی ئەم سێ یارییە، هیچ شتێکم باس نەکردوە لەگەڵ کارگێڕانی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی، من ئێستا بیرم تەنیا لەسەر ئەوەیە چۆن بتوانین کارێکی وا بکەین یانەکە ببەین بۆ قۆناغی خولی نایابی یانەکانی کوردستان، چونکە ئاستی چوار یانەکە زۆر بەهێزە، پێشمەرگەش تیپێکی باشە و تۆکمەیە و ئەوەی لەتوانامان بێت بۆ خزمەتکردنی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی ئەنجامی دەدەین.»

# چەندین یانە پێوەندی بە عزەدین عەسکەر-ەوە دەکەن



دوای ئەوەی وەرزی رابردوو یانەی سۆلاف-ی کەرکووك بۆ دوو یاری عزەدین عەسکەر-ی بە راهێنەری یانەکەی دیاری کرد، بەڵام لە ئێستادا یانەی سۆلاف داوای مانەوە لەو راهێنەرە دەکات بۆ ئەوەی لە وەرزی نوێی خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان سەرپەرشتی مەشقی یانەکەی بکات بۆ ئەوەی بتوانێ تیپەکە بگەیەنێتەوە خولی یانە پلە نایابەکانی کوردستان، جگە لەم یانەیەش چەند یانەیەکی دیکەش داوایان لەو راهێنەرە کردووە بۆ ئەوەی مەشق بە یاریزانانی یانەکانیان بکات. هەر لەو بارەیەوە عزەدین عەسکەر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «من ئەمساڵ بۆ دوو یاری مەشقی یانەی سۆلاف-م لەئەستۆ گرت، بەڵام نەمانتوانی تیپەکە لە خولی نایاب بهێڵینەوە، لەگەڵ ئەوەشدا یانەی سۆلاف داوای مانەوەیان لە من کردووە بۆ ئەوەی لە وەرزی نوێی خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان مەشقی یانەکە لەئەستۆ بگرم، جگە لە یانەی سۆلاڤیش دوو یانەی دیکەی بەشدار لە خولی پلە یەکی کوردستان داوایان کردووە مەشقی یانەکانیان لە ئەستۆ بگرم، بەڵام تاکو ئێستا بڕیاری کۆتاییم نەداوە، جارێك بیردەکەمەوە، هەرکاتێك گەیشتمە قەناعەتێك، ئەوە گرێبەست لەگەڵ یانەیەك مۆردەکەم، حەزیش دەکەم لە ماوەی داهاتوو زیاتر خزمەتی وەرزشی شارەکانی کوردستان بکەم.»